NED DENG

یەکەی چاودێری
حکومەتی خۆجێی گەرمیان




## راپۆرتێک لەبارەی:

# کێشەکانی باجی دەرامەت لە گەرمیان

## پێشەکی

زۆربەی پیشە و کار و کەسابەتەکان، لەگەڵ موڵک و پرۆژە و شوێنکارەکان، لەلایەن حکومەتەوە بڕێک پارەیان بەناوی باجەوە لێوەردەگیرێت، ئەم کارەش لەلایەن بەڕێوەبرایەتیەکی تایبەتەوە لە گەرمیان جێبەجێ دەکرێت.
پرۆسەکە چ بە گشتی و چ لە ئاستی گەرمیان بە تایبەتی، تێبینی و سەرنجی زۆری لەسەرە. هەربۆیە ئەم ژمارەیەی ڕاپۆرتە مانگانەییەکانی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیانمان تەرخانکردووە بۆ باسکردنی ئەم پرسە.
لە ڕاپۆرتەکەدا لەلایەک باس لە باج بەشێوەیەکی گشتی کراوە، لەلایەکی دیکەشەوە باس لەو کێشانە کراوە کە بەڕێوەبرایەتی باجی درامەت کە لایەنی وەرگر و کۆکەرەوەی باجە لەگەرمیان، هەیەتی. هاوکات لەلایەکی تریشەوە تێبینی و سەرنجی هاوڵاتیان و پسپۆڕانیش خراوەتەڕو.

# بەشی یەکەم: باج و پرۆسەی کۆکردنەوەی باج

## ١. باج چیە؟

باج بریتیە لەسەپێنراوێکی نەختینەیی بەسەر داهاتی هاوڵاتیان و شوێنکار و کارگە و کاڵا و شمەکەکاندا، چونکە سەرچاوەی سەرەکی پارەدارکردنی دەوڵەتە، باج بەشێکی سەرەکیە لەداهاتی گشتی. دو جۆر باجمان هەیە: باجی ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆ.
باجی ڕاستەوخۆ: بریتیە لەو باجەی ئەخرێتە سەرداهاتی تاک و حکومەت ڕاستەوخۆ بەشێک لەو داهاتە ئەبات، ئەمەش بە کۆمەڵێک ڕێنمای جیاوازەوە، یەکێک لەو ڕێنماییانە خەملاندنی پیشە و کارە بازرگانیەکانە، کە ساڵانە گۆرانکاری بەسەردا دێت بە ڕێژەیەکی کەم.

## ٢. وەرگرتنی باجی درامەت ئیجبارییە

هاوڵاتیان کۆکن لەسەر ئەوەی ئەو برە باجەی کە لێیان وەردەگیرێت لە بەرامبەر پیشەکەیان یاخود موڵکەکانیان، ناچارییە، وەک خۆیان باسی لێوەدەکەن تاوەکو ئێستاش نازانن ئەو باجە بۆچی لێیان وەردەگیرێت، هیچ خزمەتگوزارییەکیش پێشکەش بە کاسب نەکراوە.
سەرخێل عەتا، خاوەنی کوتاڵفرۆشی هەرێم لە شاری کەلار، دەڵێت: وەرگرتنی باج ئیجبارییە و دەبێت هەر باج بدەی، ئەگەرنا هەموی لەسەرت کۆئەبێتەوە، ئەمە لە کاتێکدایە باوەرناکەم هیچ هاوڵاتییەک و خاوەن پیشە و موڵکێک بزانێت بۆچی باج ئەدات، لە کاتێکدا هیچ خزمەتگوزارییەک بۆ کاسب نیە.
لە وڵاتانی جیهاندا وەرگرتنی باج لە هاوڵاتیان بۆ خزمەتی خۆیان بەکاردەهێنرێتەوە، بەجۆرێک وەک خاوەن پیشەکان باسی لێوەدەکەن، ئەگەر خاوەنی پیشەیەک زەرەمەند بێت قەرەبو دەکرێتەوە، بەڵام وەک خاوەن پیشەکانی کەلار باسی لێوەدەکەن ئەمە لە کوردستان بە پێچەوانەوەیە.
ساڵح حەمید، خاوەنی بەهاراتی ئاکار لە نێو بازاڕی شاری کەلار باس لەوە دەکات: «ئەم باجە لە سەردەمی حزبی بەعسیش وەرگیراوە و پێیان دەوت (تەئمینی اجتماعی)، لە وڵاتی ئێرانیش ژیاوم پێیان ئەوت بیمە، ئەو برە پارەیەی کە دەتدا بە حکومەت کە لە حاڵەتێکی تەندروستی یاخود زەرەری مادی کە دەتکرد ئەوە قەرەبوی دەکردیتەوە، بەڵام لەلای خۆمان شتی وا نیە».
«من نازانم ئەم باجە بۆچیە کە وەری دەگرن، زانیاریم نیە و نەشمپرسیوە، بەڵام تەنها ئەوە دەزانم کە ئەگەر ئەو باجە نەدەین مۆڵەتمان بۆ نوێ ناکەنەوە، ئەگەریش ڕوبەڕوی هەر زەرەر و سوتانێکیش بیتەوە ئەوە دەتوانیت داواکاری پێشکەش بکەی بۆ ئەوەی دۆسیەکەت دابخەن کە ئەو پیشەیەت نەماوە، بەڵام وەکو قەرەبو شتی وا بونی نیە». ڕێبین دارا ئەحمەد، خاوەنی زەرەنگەری ڕێبین لە کەلار وای وت.
سەرکەوت ئەحمەد، خاوەنی دوکانی زیوی سەرکەوت، دەڵێت: «ئەگەر باج نەدەی ئەو ئەستۆپاکیەی کە پێویستە بۆ راییکردنی کارەکانت، پێت نادرێت، بۆیە دەبێت هەمو ئەو قەرزەی لەسەرتە بیدەی، ئەمەش خۆی وات لێدەکات بچیت و باج بدەی».
لە بەرامبەردا، بابەعلی محەمەد عەزیز، بەڕێوبەری بەرێوبەرایەتی باجی دەرامەتی گەرمیان، رایگەیاند: «لە هەمو وڵاتانی جیهان باج بۆ قەرەبوکردنەوەی هاوڵاتیان نیە کە توشی زیانێک دەبن، بەڵکو لەبەرامبەر ئەو پیشەیەیە کە دەرامەتێکت دەست دەکەوێت و بۆت رەخساوە».
وتیشی: هەر هاوڵاتیەک توشی زەرەرێک یاخود سوتانێک ببێتەوە ئەگەر بەڵگەی رەسمی هەبێت بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان دەتوانین داشکاندنی بۆ بکەین لە باجەکەیدا نەک قەرەبوی بکەینەوە.
هێمای بۆ ئەوەشکرد: بابەتی قەرەبو لە فەرمانگەی «گرەنتی=زەمانە» کە لەلای ئێمە نیە.
وتیشی: ئێمە رۆژانە باجەکان بە وەسڵی (٣٧ ئەلیف) لە هاوڵاتیان وەردەگرین، دواتر لە وەسڵی (٦٦) تۆماری دەکەین، دوابەدوای ئەوەش بە وەسڵی (٣٥ ئەلیف) رەوانەی خەزێنە و بانکی دەکەین.
هێمای بۆ ئەوەشکرد: لە ١ ملیۆن دینار بەسەرەوە باج لە هاوڵاتیەک وەربگرین راستەوخۆ دەبێت لە بانکەوە بە چەک بۆمان بهێنێتەوە، بەڵام لەو برە پارەیە کەمتربێت لەلای خۆمان وەری دەگرین و دواتر دەخرێتە بانکەوە.
جەختی لەوەشکردەوە: ئەو داهاتەی دێتەوە بۆ بەڕێوبەرایەتی هیچی بۆ ئێمە نیە و بۆ حکومەت دەگەڕێتەوە.

## ٣. جۆرەکانی باجی درامەت

لــە گەرمیــان ٢ جــۆر بــاج وەردەگیرێــت، باجی پیشــە و باجی موڵکایەتــی، هاوکات باجی تۆمارکردنــی ئۆتۆمبێلیش هەیە، ئەم باجانە بەپێی مادەی ٢ــی یاسای باجی درامەتی ژمارە ١١٣ــی ســاڵی ١٩٨٢ــی عێراقی وەردەگیرێن کە لە هەرێمی کوردســتان کاری پێدەکرێت.
بەپێــی ئــەو یاســایە، بە گوێــرەی پارێــزگا و قــەزا و ناحیەکان داشــکاندنی تایبــەت دیاریکــراوە لــە بەرامبــەر ئــەو باجەی کە وەردەگیرێــت لــە هاوڵاتیان، بەشــێوەیەک ســەنتەری پارێزگاکان هیچ داشــکاندنێک نایانگرێتەوە، بەڵام لە قەزاکان ٪١٠ داشــکاند کــراوە و لە ناحیەکانیش ٪٢٠، بەڵام تۆمارکردنی ئۆتۆمبێل تەنها داشــکاندنی مۆدێــلات دەیانگرێتەوە ئەوەیش لە ســاڵی ٢٠١١ بۆ خــوارەوە دەیانگرێتــەوە، کــە باجەکەی لە ٪٥ بۆ ٪٤٠ دەســت پێدەکات و بە گوێرەی ئۆتۆمبێلەکان دیاریکراوە.
«بەشــەکەی ئێمــە تایبــەت بــە موڵکایەتی کە خــۆی لە ٣ جۆر دەبینێتــەوە: موڵکی نیشــتەجێبون، موڵکــی بازرگانی و موڵکی کشــتوکاڵی، لــە کاتــی تاپۆکــردن لەلایــەن فرۆشــیارەوە بــاج وەردەگیرێــت بــە ٪١، بۆ نمونــە موڵکێک بــای ١٠٠ ملیۆن دینار بێت ئەوە باجەکەی تەنها ٥٠٠ هەزار دینارە بەپێی یاســای ژمارە ٢١ــی ساڵی ٢٠١١ کە یاسای هەموارکراوی جێبەجێکردنی یاسای باج و دەرامەتی ژمارە ٢٦ــی ساڵی ٢٠٠٧ لە هەرێمی کوردستان- عێــراق»، محەمــەد حەبیــب، لێپرســراوی بەشــی زەوی و زار لە بەڕێوبەرایەتی گشتی باجی دەرامەتی گەرمیان وای وت.
وتیشــی: بەپێی ئەم یاسایە هەر موڵک و زەوی و زارێک کە دێتە لامــان لە ٪٥٠ داشــکاندنیان بــۆ دەکرێت، بەڵام ئەم داشــکاندنە زەوی کشــتوکاڵی ناگرێتەوە، لەبەر ئەوەی حکومەت بەشی تێیدا هەیــە، لەگــەڵ ئەوەشــدا لێخۆشــبونێک هەیە کە تەنهــا موڵکی نیشــتەجێبون دەگرێتــەوە ئەویش ئەوەیە ٥ ســاڵ جارێک ئەگەر موڵکێک بفرۆشــیت ئەوە بەبێ ئەوەی باج بدەی دەتوانیت تاپۆی بکەی کە ئەمە تەنها فرۆشــیار دەگرێتەوە، بەڵام موڵکی بازرگانی و کشتوکاڵی ناگرێتەوە.




## ٤. نەدانی باج لە کاتی خۆیدا سزای لەسەرە

یەکێک لە کێشەکان بەپێی وتەی بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی باجی دەرامەتی گەرمیان، نەدانی باجە لە کاتی خۆیدا، ئەمەش ســزای لەسەر بە جۆرێک بۆ هەر ساڵێک لە ٪١٠ـە.
بابەعەلی محەمەد، لەمبارەیەوە وتی: لە ١ــی ٧ــی هەمو ساڵێکەوە کە هاوڵاتیان باج نەدەن دەچێتە خانەی ســزاوە بۆ هەر ســاڵێک ٪١٠ـە، بەجۆرێک ئەگەر باجەی ٥٠٠ هەزار دینار بێت و نەیدابێت، بــڕی ٥٠ هــەزار ســزای دەچێتە ســەر، ئەمەش بەپێی ســاڵەکان دەگۆڕێت».
وتیشــی: لەگەڵ ئەوەشــدا ٢١ رۆژ بۆ هاوڵاتی دادەنرێت و ئاگادار دەکرێتەوە کە پێویستە باجەکەی بدات، ئەگەر نەهات ئەوە ٪٥ــی کۆی باجەکەی ســزای دەچێتە ســەر، هاوکات بو بە ٤١ رۆژ ئەوە ئەوە ســزای کۆی باجەکەی دەبێتە ٪١٠، دواتر ســوی بانکیشــی دەچێتە سەر بەپێی مانگەکان کە لە ٪١ـەوە دەست پێدەکات.

## ٥. ساڵانە ڕێنماییەکانی وەرگرتنی باج گۆڕانکاری بەسەردا دێت

بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی باجی دەرامەتی گەرمیان دەڵێت: ساڵانە گۆڕانکاری بەسەر ڕێنماییەکانی وەرگرتنی باجدا دێت.

بابەعلی محەمەد عەزیز، باسی لەوەکرد: «پێش هەمو سەری ساڵێکی نوێ واتە لە مانگی ١١دا ئامادەکاری دەکرێت بۆ دەرکردنی ڕێنمایی خەمڵاندنی پیشەکان بۆ ساڵی پێشو، بۆ نمونە ڕێنمایی ساڵی ٢٠٢٢ بۆ وەرگرتنی باجی ساڵی ٢٠٢١ـە، ئەمەش هەمو ساڵێک دەگۆڕێت.



بەپێی یاسا هەموخاوەن دوکان و پیشەیەک دەبێت باج بدات

## ٦. حکومەت بڕیاری لێخۆشبونی بۆ سزا و سوەکان دەرکردوە

حکومەتی هەرێم وەک هاندانێک بۆ ئەوەی هاوڵاتیان باج بدەن بڕیاری لێخۆشبونی بۆ قەرز و سوەکانی سەر هاوڵاتیان لەبەرامبەر ئەو قەرزەی لەسەریانە، دەرکردوە.

بابەعلی محەمەد عەزیز، بەڕێوبەری باجی دەرامەتی گەرمیان دەڵێت: «لە ١٩ی ١ی ٢٠٢٢ بڕیارێک هاتوە داوا لە هاوڵاتیان ئەکات لە ماوەی ٩٠ ڕۆژدا سەردانی بەڕێوبەرایەتی باج بکەن کە پشوەکانیشی لێدەرکردوە، لێخۆشبون لە هەمو سوە بانکیەکان و سزاکانیش دراوە تاوەکو ٦ی ٦ی ٢٠٢٢».

وتیشی: لە هەمان کاتدا فەرمانێک دەرکراوە بۆ هاوڵاتیان کە سەردانی بەڕێوبەرایەتیمان بکەن کە لە ٦ ساڵ زیاتر سزایان لەسەرە، تەنها ٣ ساڵیان بە فعلی بۆ هەژمار بکرێت.

## ٧. شێوازی تۆمارکردنی باج

بەڕێوبەری باجی دەرامەتی گەرمیان دەڵێت: لیژنەی تایبەتمەندمان هەیە کە سەردان دەکەن بەمەبەستی تۆمارکردنی پیشەکان، هاوکات لە ڕێگەی فۆرمێکی تایبەتەوە تۆمار دەکرێن.

بابەعلی محەمەد عەزیز، هێمای بۆ ئەوەکرد: ئێمە لیژنەی تایبەتمەندمان هەیە سەردان دەکەن بۆ تۆمارکردنی ئەو پیشانەی کە هەیە لە سنورەکەدا، کە لە ڕێگەی فۆرمێکی تایبەتمەندە بە ناوی «ماڵەی مەیدانی» کە دەبێت لە ماوەی ١٤ ڕۆژدا سەردانی بەڕێوبەراتی بکات بۆ تۆمارکردن، ئەمە جگە لەوەی ڕۆژانە پەیوەندی بە دەیان هاوڵاتیەوە دەکەین.

## ٨. نمونەیەک لەبارەی شێوازی دیارییکردنی باجەوە

بابەعلی محەحەد عەزیز، بەم نمونەیەی لایخوارەوە، پرۆسەی دیارییکردنی بڕی باجی بۆ ڕونکردینەوە:

بەنمونە پیشەوەرێک بەپێی ئەو خەمڵاندنە پیشەییەی کە بۆی کراوە داهاتی ساڵێکی بە ٩ ملیۆن دینار قازانج خەمڵێنراوە، هاوکات دانیشتوی شاری کەلارە، کە بەپێی ڕێنماییەکانی قەزاکان لە ١٠٪ داشکاندنیان بۆ ئەکرێت، واتا ڕاستەوخۆ داهاتەکەی بو بە ٨ ملیۆن و ١٠٠ هەزار دینار کە ٩٠٠ هەزار داشکاندنی شوێنی جوگرافی گرتیەوە. ئەو ٨ ملیۆن و ١٠٠ هەزارە، ٥ ملیۆن دیناری هاوڵاتیەکەی لێدەردەکرێت کە بۆ خۆیەتی، ئەوەی کە دەمێنێتەوە ٢ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار دینارە کە دەبێت لەم ڕێژەیە باج بدات، بە جۆرێک دەکرێتە دوبەشەوە (٢ ملیۆن بەجیا و ٥٠٠ هەزار بەجیا) چونکە هەتا ٢ ملیۆن دینار، ڕێژەی باج ٣٪ـە، بەڵام لە ٢ ملیۆن زیاتر، ڕێژەی باجەکە دەبێت بە ٥٪. هەربۆیە لە ٢ ملیۆن دینارەکە کە ڕێژەی باجی ٣٪ـە، ٦٠ هەزار دینار باجی لێوەردەگیرێت، هاوکات ٥٠٠ هەزارەکەش کە بەوهۆیەی لە سەروی ٢ ملیۆنەوەیە و ڕێژەی باجەکەی ٥٪ـە، ئەویش ڕێژەکەی دەکاتە ٢٥ هەزار دینار، واتا ئەو هاوڵاتیە لە ساڵێکدا تەنها ٨٥ هەزار باج دەدات.

# بەشی دوەم: باج لەگەرمیان و کێشەکانی

## ١. هەیکەلیەتی بەڕێوبەرایەتی باجی دەرامەتی گەرمیان

پرۆسەی باجی درامەت لەگەرمیان، لەلایەن بەڕێوبەرایەتیەکەوە کە هەرناوی باجی درامەتە، بەڕێوەدەبرێت.
هەیکەلیەتی بەڕێوبەرایەتی باجی دەرامەتی گەرمیان خۆی لەم هۆبانە دەبینێتەوە: هۆبەی کارگێری و خۆیەتی، هۆبەی ژمێریاری، هۆبەی جیبایە واتا تۆمار، هۆبەی خەملاّندنی پیشەکان، هۆبەی زەوی و زار، هۆبەی وردبین، سندوق، هۆبەی ماڵەی مەیدانی و کۆگا.

## ٢. بونی فشاری زۆر لەسەر بەش و هۆبەکان

لێپرسراوی بەشی خەملاندن لە بەڕێوبەرایەتی باجی دەرامەتی گەرمیان دەڵێت: بەهۆی کەمی ژمارەی فەرمانبەرەکانمانەوە بارگرانیەکی زۆرمان بۆ دروست بوە، ئەمەش بوەتە هۆی ئەوەی کە رۆژانە مامەڵەی هاولاّتیان بە سستی بەڕێوە بچێت.
یونس محەمەد ئەمین، باس لەوە دەکات: «ئیشی ئێمە خەملاندنی پیشەکانە کە بەپێی رێنماییەکان بۆمان دیاری کراوە، دواتر ژمێریاری بۆ دەکەین و ئەو باجەی کە پێویستە لەسەر هاولاّتیان کە بیدات لێی وەردەگیرین، بۆ نمونە کەسێک خاوەنی کارێکە و داهاتەکەی لە ساڵەکەدا بە ١٠ ملیۆن دینار خەملاندنی بۆ کراوە، بەپێی رێنماییەکان ئەو باجەی کە پێویستە لەسەری لێی وەردەگیرن کە لە پیشەیەکەوە بۆ پیشەیەکی تر جیاوازی هەیە».
وتیشی: ئێمە رۆژانە لۆدێکی زۆرمان لەسەرە بەهۆی ئەوەی کە ژمارەی کارمەندەکان کەمە، بەو ٢ کارمەندەشی کە لەسەر کۆمپیوتەر کاردەکەن ٨ کەسین، ئەمەش وایکردوە مامەڵەی هاولاّتیان وەک پێویست رای نەکرێت، چونکە هاولاّتی وا هەیە مامەڵەکەی زۆری پێدەچێت بە ٣ کاتژمێر دەتوانین کارەکانی بۆ بکەین، هاولاّتی واشمان هەیە بە هەفتەیەک ئینجا مامەڵەکەی تەواو دەبێت، بۆ نمونە وەکو کارگەکان یاخود نەخۆشخانە ئەهلیەکان یاخود بازرگانەکان.
جەختی لەوەشکردوە: رێژەی وەرگرتنی باجەکانیش جیاوازە، لە ٣٪ەوە دەستپێدەکات بۆ ١٥٪ کە زۆرترین رێژەی باجە وەری دەگرین.
هاوکات، بابەعلی محەمەد عەزیز، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی باجی دەرامەتی گەرمیان باسی لەوەکرد: «خەملاندنەکان بە لیژنە دەکرێت کە لە سێ کەس پێکدێت، خەملێنەرێک و ٢ فەرمانبەری دیکە».

**»بەهۆی ئەوەی بینای خۆمان نیە نەمانتوانیوە وەکپێویست پێداویستی بۆ دابین بکەین«**

## ٣. گرفتی بینا

لە سنوری گەرمیان بەشێکی زۆری بەڕێوبەرایەتیەکان خاوەنی بینای خۆیان نین، بەجۆرێک چەند بەڕێوبەرایەتیەک لە بینایەکدا کۆکراونەتەوە، بەپێی ئەو ئامارەی کە لە بەردەستی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیاندایە، ٣٧, ٧٪ی بەڕێوبەرایەتیەکان بینایان نیە، یەکێک لەوانە باجی دەرامەتی گەرمیانە.
بابەعلی محەمەد عەزیز، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی باجی دەرامەتی گەرمیان وتی: «ئێمە بینا خۆمان نیە، ئەم بینایە تایبەتە بە لەشجوانی ئافرەتان کە کاتی خۆی لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیریەوە دروستکراوە، بەلاّم بەهۆی ئەوەی بەشێک لە بەڕێوبەرایەتیەکان لە کرێدابوین و مانگانە ٣ ملیۆن دینارمان دەدا بە کرێ، دواتر لە ساڵی ٢٠١٥ بەهۆی قەیرانی داراییەوە ئەم بینایەیان پێداین و ٢ بەڕێوبەرایەتی دیکەشی تیایە».
وتیشی: بەهۆی ئەوەی بینای خۆمان نیە نەمانتوانیوە وەکپێویست پێداویستی بۆ دابین بکەین، ئەگەرچی کورسی و فێنکەرەوەشمان دابین کردوە.
هاوکات جەختی لەوەش کردوە: لە ساڵی ٢٠١٤ زەویمان بۆ تەرخان کرا بەمەبەستی دروستکردنی بینا بۆمان و پرۆژەکە رۆشتە تەندەرینیشەوە، بەلاّم قەیرانی دارایی رایگرتوە و تاوەکو ئێستا دروست نەکراوە.
ئەم نەبونی بینایە، کێشەی بۆ راییکردنی مامەڵەی هاولاّتیانیش دروست کردوە.
رێبین دارا ئەحمەد، خاوەنی زەرەنگەری رێبین لە کەلار وتی: مامەڵەکردنی بەڕێوبەرایەتیەکە بۆ وەرگرتنی باج هیچ کێشەیەکی نیە، بەلاّم وەک شوێن بچوکە، تەنانەت هەندێکجار کێشە بۆ هاولاّتیان دروست دەبێت.

## ٤. کێشەی کەمی ژمارەی فەرمانبەر

محەمەد حەبیب، لێپرسراوی هۆبەی زەویوزار لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجی دەرامەتی گەرمیان، لەبارەی کێشەی کەمی ژمارەی فەرمانبەرەوە وتی: «ئێمە تەنها ٤ کارمەندین لەم بەشەدا بارگرانی زۆرمان بۆ دروست بوە، چونکە بەلای کەمەوە رۆژانە ٤٠ هاوڵاتی بەڕێدەکەین، بەشەکەی ئێمەش کارەکانی زۆر قورسە، دۆسیەی وامان هەیە بە ٢ مانگ کارەکانیان تەواو نابێت.

جەختی لەوەشکردەوە: ئێمە هەمو ساڵێک فایلاتمان هەیە کە لە ژمارەیەکەوە تۆمار دەکەین، بە جۆرێک ساڵی وا هەیە ٢ هەزار فایلمان هەیە، ساڵی واشمان هەیە ٦ هەزار فایلمان هەیە.

یەکێک لە گرفتانەی روبەڕوی فەرمانگە حکومیەکان بوەتەوە نەبونی فەرمانبەری پێویستە، کە بۆ ماوەی ١٠ ساڵە دامەزراندن لە هەرێمی کوردستان راگیراوە، ئەمەش وایکردوە کێشەی میلاک لە فەرمانگەکاندا دروست ببێت و کاریگەری زۆری هەبێت لەسەر رایکردنی مامەڵەی هاوڵاتیان.

بابەعەلی محەمەد عەزیز، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی باجی دەرامەتی گەرمیان هێمای بۆ ئەوەکرد: ئێمە لە روی کارمەندەوە کێشەمان هەیە و بەڕێوەبەرایەتیمان ٤٠ کارمەندن کە ٢٥یان بە فعلی لە کاردان لەئێستادا، لەبەر ئەوەی بەشێکیان لە مۆڵەتی دایکایەتین و بەشەکەی دیکەشیان پاسەوان و شۆفێرن، هاوکات پێویستمان بە ٥٠ فەرمانبەر هەیە کە بۆمان دابمەزرێنن.

«لە بەشی خەمڵاندنمان تەنها ٦ کارمەندمان هەیە بە ٢ کارمەندی بەشی کۆمپیوتەرەوە، بەپێی رێنماییەکانیش کە دەبێت هەر ٦ هەزار دۆسیەیەک خەمڵێنەرێکی هەبێت، بەڵام ئێمە ٢٦ هەزار دۆسیەمان هەیە تەنها ٢ خەمڵێنەری هەیە، لەگەڵ ئەوەش ٢ ژورمان هەیە هەر ژورێک و ٣ کارمەندی تیایە بۆ کارەکان کە دەبێت شەشمان هەبێت»، بابەعەلی محەمەد عەزیز، وای وت.

سەبارەت بەوەی تاچەند پێویستیان بە خەمڵێنەر و کارمەندی نوێ هەیە بۆ ئەو بەشە، وتیشی: بۆ هەر یەکەیەک پێویستمان بە ٦ بۆ ٨ کارمەند هەیە، ئەگەر ژوری نوێشمان بۆ بکەنەوە کە پێویستمان بە ٤ی دیکەیە هەیە ئەوە بەلای کەمەوە ٣٢ کارمەندمان پێویست دەبێت، داواشمان کردوە، بەڵام بەهۆی نەبونی دامەزراندنەوە بۆمان دابیننەکراوە.

جەختی لەوەشکردەوە: رۆژانە بەگشتی ١٠٠ سەردانکەر زیاترمان هەیە کە مامەڵەیان بەڕێدەکەین، ئەو لۆدە زۆرەشی لەسەرمان بو لە ماوەکانی رابردو، لە ئێستادا نەماوە بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی دەوامی تەناوب و نەمانی قەیرانی دارایی.

ئەم فشارە لە روی کارمەندەوە لە کاتێکدایە کە چەند ساڵێکە دۆخی موچەی فەرمانبەرانی بواری باج باشتر کراوە و دەرماڵەیەکیان بۆ زیاد کراوە.

«موچەی فەرمانبەرەکانمان لە ئێستادا باشە لە چاو ساڵانی رابردو، بە جۆرێک بۆ ماوەی نزیکەی ٤ ساڵ دەبێت کە بە بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیران لە ٥٠٪ دەرماڵەی تایبەتی خستوەتە سەر موچەکانیان»، بابەعەلی محەمەد عەزیز، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی باجی دەرامەتی گەرمیان وای وت.

لەبارەی ئەوەی ئەو فەرمانبەرانەی کە هەیانە تاچەند پسپۆڕی بوارەکەن، بەڕێوبەری باجی درامەتی گەرمیان، وتی: کێشەی بڕوانامەمان نیە، بەجۆرێک زۆربەیان دبلۆمن و هەندێکیشیان بەکالۆریۆسن، هاوکات زۆربەشیان بەشەکانی ژمێریاریان تەواو کردوە و تەنها ٣ فەرمانبەرمان نەبێت پسپۆڕی خۆیان نیە، ئەمەش کێشەی بۆ دروست نەکردوین، چونکە ئەزمونی باشیان هەیە لە کارەکەیان.



## ٥. نەکردنەوەی خول بۆ فەرمانبەران و تازەنەبونەوەی زانیارییەکان

ئەو فەرمانبەرانەی کە کاری خەملاندن دەکەن لە بەڕێوبەرایەتی باجی دەرامەتی گەرمیان دەبێت بۆ ماوەی ٤٠ ڕۆژ خولی تایبەت ببینن، بەڵام بەگشتی کردنەوەی خول بۆ فەرمانبەران بەمەبەستی نوێکردنەوەی زانیارییەکانیان، کەم و سنوردارن.

بابەعلی محەمەد عەزیز، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی باجی دەرامەتی گەرمیان وتی: ئەو فەرمانبەرەی کە کاری خەملاندن دەکات خولێکی ٤٠ ڕۆژی دەبینێت دوابەدوای ئەو خولەشە تاقیکردنەوەیەکی پێدەکرێت نابێت لە ٦٠ کەمتر بهێنێت، ئینجا دەتوانێت ببێت بە خەملێنەر و ئەو کارە بکات.

ئاماژەی بەوەشکرد: ئەو خولەی کە دەیبینێت تەنها یەک جارە و دووبارە نابێتەوە.

هێمای بۆئەوەشکرد: ساڵانە خول ئەکرێتەوە بۆ فەرمانبەرەکانی دیکە و بەشدارییان کردوە بەپێی پێویست، بەڵام بەهۆی کەمی کارمەندەوە نەمانتوانیوە بەردەوام بەشدارییان پێبکەین، لەبەرئەوەی بۆشایی دروست دەبێت، کردنەوەی خولیش بە بەردەوامی زۆر گرنگە کە هەبێت.

## ٦. سیستەمی داتابەیس وەکپێویست کاری پێناکرێت

«زۆربەی ئیشەکانمان بە دەستە، چونکە تاوەکو ئێستا سیستەمەکەی ئێمە بەو شێوەیەیە، لەگەڵ ئەوەشدا سودمان بینیوە لە سیستەمی کۆمپیوتەر بۆ هەندێک لە کارەکانمان، بەتایبەت بۆ کارەکانی (بەخشین و لێخۆشبون)». بابەعلی محەمەد عەزیز، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی باجی دەرامەتی گەرمیان وا دەڵێت.

وتیشی: داتا بەیسمان هەیە لە بەشی کۆمپیوتەر کە ٣ فەرمانبەری تێدایە هەموشیان دەرچوی بەشی (IT)ن، کە ئەم داتا بەیسە کاری تۆمارکردنی پیشەکان و (بەخشین و لێخۆشبون)ە، بەڵام فەرمانبەرەکان کەمن دەبوایە ٦ کەس بونایە.

بەخشین ئەوەیە کە لە نێوان باوک و کوڕ دایە کە پارچەیەک زەوی پێدەدات ئەمە لە تەواوی تەمەنی دەتوانێک یەکجار ئەوە بکات بەبێ ئەوەی باج بدات. هەرچی لێخۆشبونیشە ئەوەیە کە ٥ ساڵ جارێک هاوڵاتیەک دەتوانێت لێخۆشبون بۆ پارچەیەک زەوی بکات کە تۆماری دەکات بە ناوی کەسێکەوە کە دەتوانێت باج نەدات، ئەمەش تەنها لایەنی فرۆشیار دەگرێتەوە.

## ٧. کێشەی وەرگرتنی باج بە قیست

بەپێی یاسا هاوڵاتیان دەتوانن بە قیست باجەکانیان بدەن، بەڵام بەهۆی بونی سووەوە، ژمارەیەکی کەم لە هاوڵاتیان ئامادەن ئەو کارە بکەن.

بابەعلی محەمەد عەزیز، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی باجی دەرامەتی گەرمیان دەڵێت: وەرگرتنی باج دەتوانرێت بە قیست بێت، بەڵام سوی (فائیدە) دەچێتە سەر بەجۆرێک قیستی یەکەم لە ٪٥٠ی لێوەردەگیرێت، بۆ نمونە ئەوەکەی دەکات بە چوار قیست، بۆ قیستی یەکەم ٪٢ سوی لێوەردەگیرێت، قیستی دوەم ٪٣ سوی لێوەردەگیرێت، واتا سوەکەی بەپێی قیستەکان دەڕواتە سەرەوە، ئەمەش یەکێکە لە کێشەکان.

هێمای بۆ ئەوەشکرد: بەهۆی ئەوەی هاوڵاتیان لە ڕوی ئاینیەوە دەڵێن حەرامە، بۆیە بە زۆری ئەو کارە ناکەن.

## ٨. داهاتی باج لە گەرمیان

«ڕاگەیاندنی داهات لە دەسەڵاتی ئێمەدا نیە، بەڵکو وەزارەتی دارایی ڕێگەپێدراوە و ساڵانە ڕایدەگەیەنێت»، بابەعلی محەمەد عەزیز، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی باجی دەرامەتی گەرمیان وا دەڵێت.

هاوکات، کەریم عەلی، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی دەڵێت: ئەو باجانەی کە لە بەڕێوبەرایەتی باجی دەرامەتی گەرمیان وەردەگیرێت، خۆی لە چوار جۆر باج دەبینێتەوە، ئەوانیش باجی: (زەویوزار، پیشە جۆراوجۆرەکان، کارگەکان و ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر کە لە یەک تەن بەرەو سەرەوەن).

بەپێی ئەو داتایەی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان لە لەلایەن ئەو ئەندامەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیەوە بەدەستی گەیشتوە، بڕی باجی وەرگیراو بۆ ساڵەکانی ٢٠٢٠ و ٢٠٢١ و ٤ مانگی سەرەتای ٢٠٢٢ لە سنوری گەرمیان، بەمشێوەیەی لایخوارەوەیە:

| | ساڵی 2020 | ساڵی 2021 | 4 مانگی 2022 |
|---|---|---|---|
| کۆی گشتی داهات | 2 ملیار و 405 ملیۆن دینار | 2 ملیار و 793 ملیۆن دینار | 1ملیار و 674 ملیۆن دینار |
| کۆی گشتی خەرجی | 395 ملیۆن و 630 هەزار دینار | 384 ملیۆن و 537 هەزار دینار | 112 ملیۆن و 617 هەزار دینار |

# بەشی سێیەم: تێبینی و رەخنەکان لەبارەی پرسی باجەوە

## یەکەم: تێبینی و رەخنەی هاوڵاتیان

هاوڵاتیان باس لەوە دەکەن ساڵانە باج دەدەن چ بۆ پیشەکەیان چ بۆ مولڵکەکانیان، وەک خۆیان دەڵێن ئەو باجەی لێیان وەردەگیرێت برە پارەیەکی زۆرە بەتایبەت بۆ مولڵکەکانیان.

سەرخێل عەتا، خاوەنی کوتاڵفرۆشی هەرێم لە شاری کەلار دەڵێت: «ئێمە لەوەتەی پیشەکەمان تۆمارکردوە باج دەدەین کە لە ساڵی ٢٠٠٠ـەوە باج سەریهەڵداوە، لەو ساڵەشەوە باجمان نەدابو قەرزاربوین، بەبێ ئەوەی بەڕێوبەرایەتیەکە ئاگادارمان بکاتەوە لە شتێکی لەو شێوەیە، بەپێی خەمڵاندنی خۆشیان پارەکە وەردەگرن و جێگیر نیە».

وتیشی: ئاگاداری ئەوەم هاوڵاتی وا هەبوە لە ماوەی ٥ ساڵدا ٣ ملیۆن دیناری داوە یان هەبوە ٥ ملیۆن دینار یان ٦ ملیۆن دیناری داوە، بۆیە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە و لە پیشەیەکەوە بۆ پیشەیەکی تر جیاوازە.

هاوکات،ساڵەح حەمید، خاوەنی بەهاراتی ئاکار لە نێو بازاری شاری کەلار باس لەوە دەکات: «لەوەتەی کار دەکەم باج ئەدەم، ئێمە ساڵانە ٢ جۆر باجمان هەیە، باجی پیشەمان هەیە لەگەڵ مولڵکدا، پیشەکەش ئەگەر منداڵت خوار تەمەن هەژدە ساڵبێت ئەوە کەمترت لێوەردەگیرێت، ئێمە ساڵانە مولڵکەکە بە دەڕاب حساب دەکەن ٢ دەڕابی هەیە کە بۆ هەر یەکێکیان بڕی ١٠٠ هەزار دینار وەردەگرن، بۆ ئەمساڵ ٢١٦ هەزارمان داوە».

دەشڵێت: بۆ پیشەکەش بڕی ١٠٠ هەزار دینار بو کە بەهۆی منداڵەکانمەوە داشکاندنیان بۆ کرد بە نزیکەی ٦٠ هەزار دیناریان لێوەرگرتم.

«ئێمە ساڵانە باجی پیشەکەمان دەدەین لە ڕێگەی کۆنترۆڵی جۆرییەوە نوسراوێکمان بۆ ئەکەن بۆ تازەکردنەوەی مۆڵەتەکەمان، ئەچینە باج و پارەکە دەدەین، بۆ ئەمساڵیش ٧٩٠ هەزار دینارم داوە، ئەگەر باجیش نەدەین ئەوە مۆڵەتەکەمان بۆ نوێ ناکەنەوە».

ڕێبین دارا ئەحمەد، خاوەنی زەڕەنگەری ڕێبین لە کەلار وای وت.

سالار عەزیز، خاوەنی دوکانی بەرگدور لە نێو بازاڕی کەلار، هێمای بۆ ئەوە کرد: «بۆ ماوەی ١٢ ساڵە باج دەدەین بە حکومەت، چ بۆ پیشەکەمان چ بۆ مولڵکەکەشمان، ئەمساڵ بۆ هەردوکیان ١ ملیۆن دینارمان داوە، ئەگەریش ئەم باجە نەدەی ساڵ بە ساڵ زیاد ئەکات، ئەوانیش هیچ کێشەیەکیان نیە و هیچ ئینزارێک نەهاتوە بۆمان».

وتیشی: هەمو سەر ساڵێک دێن بە لیژنە سەرژمێری ئەکەن دواتر بە وەسڵ بۆمان دێتەوە.

هاوڵاتیەک باس لەوە دەکات هیچ پیشەیەک لە ئێستادا بێ باج نیە، بە جۆرێک بۆ ئەمساڵ زیاتر لە ١٠٠ هەزار دیناری داوە بۆ باج.

سەرکەوت ئەحمەد، خاوەنی دوکانی زیوی سەرکەوت، دەڵێت: «پێشتر پیشەی بەرگدوریم هەبوە، ساڵی جارێک دەهاتن و شتێکیان ئەخەملاند و ٦٠ بۆ ٧٠ هەزاردینارمان دەدا، بەڵام ئێستا وانیە، هەمو پیشەیەک ئەبێت ساڵانە باج بدات، بۆ ئەمساڵ ١٩٠ هەزار دینارم داوە بۆ پیشەکەم».

ئاماژەی بەوەشکرد: بۆ مولڵکەکەمان لە ساڵی٢٠١٧، ٢ ملیۆن و ٧٤١ هەزار دینارمان داوە، لەگەڵ ئەوەش دوکانێکی دیکەمان هەیە ٣ ملیۆن و ٣٠٠ هەزار دینارمان داوە، ئەمەش ڕەنگە هی شەش ساڵ بێت.



## دووەم: تێبینی و رەخنەی پسپۆڕان

### ١. وەرگرتنی باج لە هەرێمی کوردستان نازانستیە

شارەزایەکی بواری ئابوری دەڵێت: باج لە هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی نازانستی وەردەگیرێت و کۆدەکرێتەوە، ئەمە لە کاتێکدایە لە وڵاتە پێشکەوتوەکان بە پێچەوانەوەیە.

هێمن تۆفیق عەزیز، پسپۆری ئابوری و مامۆستای زانکۆ لە گەرمیان باس لەوەدەکات: «کۆکردنەوەی باج لە هەرێمی کوردستان بەشێوازێکی نازانستی و نارێک ئەبرێت بەڕێوە، چونکە یەکسانی لەنێوان شوێنەکان و کەسەکان نیە بۆ کۆکردنەوەی».

وتیشی: لەبەر ئەوەی سەرچاوەی سەرەکی پارەدارکردنی دەوڵەتە و لەهەمان کاتیشدا کۆنترۆڵکردنی خواستی بەکاربەرە بۆ نەکڕینی کاڵای ناپێویست یان بەهەدەرنەدانی داهات بەشێوەیەکی سەرەکی.

باسی لەوەشکرد: بەڵام لە وڵاتانی پێشکەوتو بەشێوەیەکی زانستی رێکخراوە بۆ مەبەستی بەدیهێنانی دادپەروەری لە دابەشکردنەوەی داهاتی گشتی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە، بۆ ئەوەی جیاوازی چینایەتی کەم بکاتەوە.

«ئەکرێت لێکۆڵینەوەی زانستی ئەنجامبدرێت بۆ هەر جۆرە باجێک کە وەردەگیرێت، بۆ ئەوەی بزانرێت تا چەند کاریگەری ئەرێنی هەیە، پاشان بکرێت بە یاسا و بەسەر هەمواندا بسەپێنرێت بەبێ جیاوازی پلە و پۆست و بە دادپەروەری پەیڕەوبکرێت». هێمن تۆفیق عەزیز، وای وت.

ئەو پسپۆڕەی ئابوری، باس لەوەدەکات پێویستە سیستەمێکی بانکی چالاک بکرێت بۆ کڕین و فرۆشتن و بە شێوەی راستەوخۆ ببەسترێتەوە بە فەرمانگەی باجەوە بۆ ئەوەی بواری خۆدزینەوە لە باج نەمێنێ، هاوشێوەی وڵاتانی پێشکەوتو سزا بۆ خۆدزینەوە لە باج دیاری بکرێت بە قورسترین سزا.

باسی لەوەشکرد: ئەگەر باج رێکبخرێتەوەو بەسەر هەمواندا بێ جیاوازی بسەپێنرێت و رونبکرێتەوە بۆ چ مەبەستێکە و قازانجی چیە بۆ کۆمەڵگا و هاوکات بخرێتەوە خزمەتی کۆمەڵگا، ئەوا خەڵک ئامادە نیە خۆی لەباج بدزێتەوە.



خاوەن پیشەکان دەڵێن: نازانین بۆچی باجمان لێ وەردەگیرێت و چۆنیش لێمان وەردەگیرێت

### ٢. بەکارهێنانی باج وەک بیمەی بێکاری

لەوڵاتە پێشکەوتوەکان کە باج لە هاوڵاتیان وەردەگیرێت وەک داهاتی گشتی چاوی لێدەکرێت و وەک بیمەی بێکاری دەدرێت بەو هاوڵاتیانەی کە کاریان نیە تاوەکو کاریان دەست دەکەوێت.

هێمن تۆفیق عەزیز، پسپۆری ئابوری و مامۆستای زانکۆ لە گەرمیان باس لەوەدەکات: «لەوڵاتانی پێشکەوتو کە باج لەخاوەن داهاتەکان وەرئەگیرێ وەکو هاوکاری ئەدرێ بەو کەسانەی کە کاریان نیە بۆ ماوەیەک هەتا کارێکیان بۆ ئەدۆزرێتەوە لە رێگای سەندیکا (جۆب سەنتەرەوە)، باجیش بەگوێرەی کەموزۆری داهات و خەرجی کەسەکانە بۆ کەمکردنەوەی جیاوازی نێوان چینەکانی کۆمەڵگا نەک بەشێوەی هەڕەمەکی».

وتیشی: وەک داهاتی گشتی لە رێگەی سۆشیالەوە وەک بیمەی بێکاری ئەو باجە دەدرێت بەو کەسانەی کە کاریان نیە، بەڵام ئەمە لە هەرێمی کوردستان ناکرێت و رون نیە ئەو باجە بۆچی وەردەگیرێت.

# بەشی چوارەم: دەرەنجام و راسپاردەکان

## یەکەم: دەرەنجام

- بەگشتی سیستەمی باجی هەرێم و لە نێویشی دا گەرمیان شێوازی بەڕێوەچون و وەرگرتنی کۆن و تەقلیدییە، بنەماکانیشی پشت بە یاساکانی سەرەتای سالانی هەشتای سەدەی رابردو دەبەستێت، کە سالانە لە بڕی باجەکان دا بە رێنمایی گۆڕانکاریی دەکرێت.

- لەگەرمیان باجی درامەت بەشێوەیەکی کارا وەردەگیرێت لە خاوەنکار و کاسبکارەکانی سنورەکە، ئەویش لە رێگەی بەڕێوەبەرایەتی باجی درامەتی گەرمیانەوە، لەم چەند سالەی رابردوشدا بەهۆی ئەو گرنگییەی حکومەت بە کۆکردنەوەی باج دەیدات بەتایبەت دوای دروستبونی قەیرانی دارایی، زیاتر لە جاران باجەکە کۆ دەکرێتەوە و گرنگی پێدەدرێت.

- وەک لە راپۆرتەکەدا خرایەڕو، هاولاتیان هۆشیاریی و ئاگاییەکی ئەوتۆیان نیە لەبارەی باجەوە، نازانن ئەم باجەیان بۆ لێوەردەگیرێت و بۆچی بەکاردێت، تەنانەت بڕەکەیشی و هۆکاری جیاوازیەکەیشی نازانن.

- هیچ تازەبونەوەیەک لە پرۆسەی وەرگرتنی باج دا نییە و هیچ رێگایەکی زانستیش بۆ دیارییکردنی بڕی باجەکان دەستنیشان نەکراوە، ئەمەش وادەکات ئامانجی سەرەکی باج بەدیی نەیەت، کە جگە لەوەی داهاتە بۆ حکومەت، هاوکات جۆرێکیشە لە راگرتنی بالانسی چینایەتی نێو کۆمەل.

- بە گوێرەی دیدارمان لەگەل کۆمەلێک هاولاتی پیشەوەر لە گەرمیان کە باجی درامەت دەدەن، بۆچونیان لەسەر کاری بەڕێوەبەرایەتی باجی درامەتی گەرمیان بەگشتی باشە، باس لەوەدەکەن کە پێشتر کێشەی زۆریان هەبوە لە بەرێکردنی ئیشوکارەکانیان، بەلام ئێستا باشترە و کاتێکی زۆریان نابات، جگە لەوەش هێشتا لە روی هۆشیارییەوە لەبارەی باج و شێوازی دیارییکردنی بڕەکەیەوە، بەشی پێویست لەلایەن حکومەت و ئەو دەزگایەوە ئاگادار نەکراونەتەوە.

- خودی بەڕێوەبەرایەتی باجی درامەتی گەرمیان، کێشەی زۆری هەیە، چ لە روی بیناوە کە بینای خۆی نییە و زۆر بە باشی بۆ ئەو کار و پرۆسەیە ئامادە نەکراوە، چ لە روی ژمارەی فەرمانبەر و کارمەندیشەوە.

- زۆر بە سنورداریی پشت بە کۆمپیوتەر و سیستەمی ئیلیکترۆنی دەبەسترێت لەکاری باج دا لەگەرمیان، کە ئەمەش یەکسانە بە زیاتربونی رۆتین و زیاتر دواکەوتنی رایی‌کردنی مامەلەکان.

- خولی راهێنان و شیاندن و تازەکردنەوەی زانیاریی بۆ فەرمانبەرانی باجی درامەتی گەرمیان کەم و سنورداره، بەهۆی کەمی ژمارەی فەرمانبەرانیان و ترس لە دروستبونی بۆشایی لەکاروبارەکان، بەکەمی فەرمانبەرانیان بەشداریی خول و راهێنانیان پێدەکرێت.

- بەڕێوەبەرایەتی باجی درامەتی گەرمیان ئامادە نەبو بڕی داهاتی باج ئاشکرا بکات، ئەمەش بە وتەی خۆیان بەهۆی ئەوەی لە دەسەلاتی ئەواندا نییە، لەکاتێکدا راگەیاندنی بڕی داهات لە بنەما هەرە سەرەتاییەکانی شەفافیەتن و پێویستە هاولاتیان لێی ئاگادار بن و نهێنیەکی مەترسیدار نییە!

## دوەم: راسپاردەکان

١. باج بوارێکی یەکجار گرنگی ئابوری و دارایی وڵاتە، بۆیە پێویستی بە سەرلەنوێ ڕێکخستنەوە هەیە، بۆ ئەمەش پێویستە پارلەمانی عێراق و کوردستان کار بۆ گەڵاڵەکردنی یاسایەکی تایبەت بەم بوارە بکەن، کە پێشتر بە کۆنفرانس و توێژینەوەی زانستی، زەمینەی تەواوی بۆ بڕەخسێنرێت و بەشێوەیەک بێت کە تەریب بێت بە پێداویستیەکانی ڕۆژەوە و پشت بە بنەما زانستییەکان ببەستێت.
هاوکات لە دەرکردنی ڕێنماییەکانیشی دا پشت بە ڕێگای زانستی و توێژینەوە و بەدواداچونی زانستی ببەستێت، نەک بە ڕێگە گەلێک کە زۆرتر بۆنی ئەوەی لێدەکرێت هەڕەمەکی بن.

٢. وەزارەتی دارایی و بەڕێوبەرایەتی گشتی باج و بەڕێوبەرایەتی باجی درامەتی گەرمیان، پێویستە بڕەوی زیاتر بە لایەنی هۆشیاری بدەن، لەپاڵ وەرگرتنی باج دا، بۆ هاوڵاتیانی رون بکەنەوە کە ئەم باجە بۆچیە و بەپشت بەستن بە چ یاسا و ڕێنماییەک لێیان وەردەگیرێت، بۆ ئەم مەبەستەش گرنگە بە هاوبەشی سەندیکا و یەکێتی و ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکان بە کار و بازرگانییەوە، خول و سیمینار و کۆڕی هۆشیاری بکەنەوە و هاوکات لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیشەوە رونکردنەوە بدەن و لیفلێت و پۆستەری هۆشیاریش ئامادە بکەن.

٣. پێویستە پرۆسەی باج وەرگرتن نوێبکرێتەوە و لە ئامرازەکانی تەکنۆلۆژیای نوێ بەهرەمەند بێت، ئەو ڕێگا تەقلیدییەی لەم روەوە هەیە مایەی ڕۆتین و بەهەدەردانێکی زۆری کات و توانای تاک و گشتییە، بۆیە پێویستە کار بکرێت بۆ بە ئەلیکترۆنی کردنی ئەم بوارە.

٤. پێویستە کار بۆ دروستکردنی بینای تایبەت و گونجاو بۆ بەڕێوبەرایەتی باجی درامەتی گەرمیان بکرێت، بەشێوەیەک کە گونجاو بێت لەگەڵ پێداویستیەکانی کارەکە و ئاسانکارییش بێت بۆ هاوڵاتیان.

٥. کەمی میلاک لە کێشە زەقەکانی بەڕێوبەرایەتی باجی درامەتی گەرمیانە، ئەمەش دەکرێت بە دامەزراندنی فەرمانبەری نوێ چ بە هەمیشەیی یان بە گرێبەست چارەسەر بکرێت، یاخود بە گواستنەوەی ڕاژەی فەرمانبەر لە دەزگا و وەزارەتی دیکەوە بۆ ئەم بەڕێوبەرایەتییە.

٦. پێویستە وەزارەتی دارایی و بەڕێوبەرایەتی گشتی باج و بەڕێوبەرایەتی باجی درامەتی گەرمیان، شەفافانە مامەڵە لەگەڵ پرسی داهاتەکاندا بکەن و بەشێوەیەکی دەوری بۆ خەڵکی بیخەنەڕو، نەک بیشارنەوە، چونکە ئەمە دژە بە بنەماکانی هەر حکومەتێک کە خۆی بە هەڵبژێراوی خەڵک بزانێت و باس لە چاکسازی و بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی بکات.

لەبارەی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان)ـەوە

یەکەیەکی ڕۆژنامەوانی و بەدواداچونی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها بڕەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

* ئامانجی یەکە
١. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.
٢. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.
٣. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.
٤. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

* ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:
١. زریان محەمەد
٢. سروە کەریم

بۆ پەیوەندی
٠٧٧٤٠٨٧٨١٥٣ – ٠٧٧٠١٩٢٣٦٦٢
Radiodeng@yahoo.com
yakaychawderigarmyan@gmail.com
www.radiodeng.net